# هەڵدانەوەی هەندێك لاپەڕەی حەفتاكانی ئەدەبی كوردی

## سامی شۆڕش:.

## تەجاوزی شیعری ساڵانی حەفتا نەكراوە!



دیداری: دانا فایەق_ كامەران سوبحان

لە حەفتاكانی سەدەی رابردوودا، جموجۆڵێكی ڕووناكبیریی لە نێوەندی ئەدەبیماندا هەستپێدەكرا، كە تا ئێستاش شێوازو جۆری ئەو جموجۆڵە قسەو بۆچوونی جیاوازی لە سەردەكرێت، گروپی ڕوانگە، یەكێك بوو لەو بزوێنەرانەی كە لەو كاتەدا توانی دیالۆگێكی بەرفراوان لەسەر هەموو ئاستەكان دروستبكات، سامی شۆڕش شاعیری ئەوسا و سیاسی  و رۆژنامەنووسی ئێستا یەكێك بوو لە كارەكتەرە سەرەكییەكانی ئەو بزوتنەوەیەو ئێستا و پاش زیاتر لە سی ساڵ قسەی خۆی لە سەر ئەو ڕۆژگارانەو پەیوەندییەكانی نێوان (ئەدەب و سیاسەت، روانگە و حیزبایەتی) بەڕاشكاوانە لەم دیدارەدا دەخاتە ڕوو.

***پرسیارێك كە تایبەتە بە ئەزموونی شیعری و ئەدەبی خۆتەوە، لە حەفتاكاندا كە قوتابی زانكۆ بوویت لە بەغدا، لەو كاتەدا یەكێك بوویت لە شاعیرە دیارەكانی بزوتنەوەی شیعری كوردی، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن تۆ چەند ئەزموونێكت گۆڕی، بۆ نموونە لە شیعرەوە بۆ ڕۆژنامەگەری، دواتر بواری مێژوو كە ماستەرت لە مێژوودا خوێند، پاشتریش بە قۆناغی ئێستاشەوە سەرقاڵی كاری سیاسی و حیزبایەتی بوویت، ئێستا بۆ ئەم نەوە تازەیە ڕەنگە ئاگایان لە ئەزموونی شیعری تۆ نەبێت، ئەو دابڕانەی تۆ.. ڕەنگە یەكێك لە هۆكارەكان بڵێی خەریكی كاری ڕۆژنامەگەریم، یان خەریكی سیاسەتم، بەڵام تۆ بۆ وا دووركەوتیتەوە لە شیعر؟**

-من جارێكی تریش وەڵامی ئەو پرسیارەم بۆ برادەرێكی تر دایەوە، ئەویش ئەوەیە من كە دەستم بەشیعر كرد وەكو وتم قۆناغەكەی زۆر گەرم بوو، دوای ساڵی ١٩٧٠، لە ساڵی حەفتا بەسەرەوە زۆر قۆناغ لە مەیدانی ڕۆشنبیری لە مەیدانی ئەدەبیات، لە مەیدانی سیاسەت لە مەیدانی كوردایەتی لە مەیدانی چەپڕەوایەتی، زۆر دنیا گەرم بوو، من وەكو هەموو ڕۆڵەكانی ئەو نەوەیەی خۆم، لەو پانتاییەی كە ئیتر دەستمان بەژیان و دەستمان بە شیعرو ڕۆشنبیری كرد، بۆیە من لە ڕووی شیعرەوە یەكەم شت تێكەڵاوی سیاسەت بووم، یانی ڕاستە من ڕۆژنامەگەریم لە ساڵی حەفتاوە كردووەو بەگەرمیش كردوومە، بەڵام لەتەك ڕۆژنامەگەرێتییەكە من تێكەڵاوی ژیانی سیاسیش بووم، من ئەوسا لە حزبێكی زۆر قەدەغەكراوی عیراقی كارم دەكرد كە قیادەی مەركەزی حزبی شیوعی عیراقی بوو، قیادەی مەركەزی ئەو كات حزبێكی زۆر مەحزور بوو، من یەكێك لە كادیرە ئەكتیڤەكانیان بووم لە بەغدا، بەتایبەتی كەكاركردن لە حزبێكی مەركەزی وەختێكی زۆری دەویست، هەوەسو تاقەتێكی زۆری دەویست، خۆم زۆر خەریك كردبوو بەسیاسەت دواییش بەڕۆژنامەگەری، ئیتر وایلێهات وردە وردە لە ناو پانتایی دەروونمدا جێگەی شیعری تێدا نەما، ئیتر وردە وردە شیعر بوو بە ئیهتمامێكی زۆر بچووك لەلام لە چاو ئەو ئیهتمامە سیاسییەی كە هەمبوو.. گەرچی لە ڕۆژنامەش ئیشم دەكرد، ئیتر وایلێهات پاش چەندین ساڵ ئەو ئیهتمامەش كوژایەوە، كە ئەو كوژایەوە ئیتر خۆم بەڕۆژنامەگەرییەوە خەریككرد، ئەوەشیان تاقیكردنەوەیەكی دیكە بوو هەتا ئێستا.

***هەست دەكەیت لە زۆربەی میللەتانی دنیا، زۆربەی شاعیرەكان هەتا داهێنەرە گەورەكانیش، چ سیاسی بێت یان نووسەر سیاسەتیشیان كردووەو لە شیعرەكەش دانەبڕاون، بۆ نموونە ئەو برادەرانەی تۆ شێركۆبێكەس، حسێن عارف، جەلالی میرزا كەریم و...هتد سیاسەتیشیان كردووەو لە شیعریش دانەبڕاون؟**

-كەسیان سیاسەتیان وەكو ئێمە نەدەكرد، واناڵێم وەك ئەو نەوەیەی من ئەو جیلەی من، ئێمە سیاسەتێكی سەختو زەحمەتمان دەكرد، من لە حزبێك ئیشم دەكرد لە هەموو بەغدا هەشت نۆ ئەنداممان هەبوو، بەڵام پێشتر بەسەدان و زیاتر ئەندامان هەبوو، بەڵام هەموو لەسەر دەستی بەعس شەهید بوون و گیران و تەفروتوونا كران، ئێمە مابووینەوە كۆمەڵێكی زۆر بچووك چەند كەسێك، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەكی زۆر سەختو ناخۆش و زەحمەتو ئاڵۆز بووین لەگەڵ حكومەتی بەعس، كاتێك حكومەتی بەعس لە ساڵانی حەفتا بەسەرەوە دەسەڵاتێكی ئێجگار گەورەی پەیدا كردبوو، ئێمەش لە ناوجەرگەی ئەو حكومەتە ئیشمان دەكرد، هەستمان دەكرد كە ئەگەر خۆمان خەریكی شتی دیكە بكەین، یان لێبگەڕێین شتەكانی دیكە وەختمان وەرگرن، ئیتر وەختمان كەم دەمێنێتەوە بۆ ئیشە سەرەكییەكەی خۆمان، كاك شێركۆ بەو شكڵە نەبوو، جەلالیش بەو شكلە نەبوو كاك حسێن پێش من بەو شكڵە بوو، كە من دەستم پێكرد حسێن عارف وازی لە حزبایەتی هێنا.. بەهەرحاڵ من مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە حزبایەتی بەحەقیقەت دەماری شیعریت دەكوژێ ئەگەر بەگەرمی خەریكی بیت، ڕاستە هەندێ حزبایەتی هەیە وەكو شاعیر دەتهێڵێتەوە، بەڵام ئەو شیعرەی تۆ لەبن باڵی حزبایەتی دەینووسی قەت ئەو شیعرە ڕاستگۆیە نییە كە دوور لە حزبایەتی دەینووسی، كە تۆ شیعرێكت كردە پەیام نابێت لەبن باڵی حزبایەتی شیعر بنووسی، چونكە پەیامێكە بۆ ئەو حزبە، من دەبێ پەیامی حزبەكەی خۆم بگەیەنم بەخەڵك لە ڕێی شیعرەكان،

بۆیە تووشی دابڕانو مردن دەبێ شیعر، تووشی ئەوە دەبێ وەك شاعیری گەورەی کورد (گۆران) لە ئاخر دوو ساڵی ژیانی تووشی بوو.. گۆران شاعیرێکی زۆر گەورە بوو، شیعری زۆر نایابی نووسی، بەڵام کە هات ویستی شیعر تێکەڵی ژیانی حزبایەتیو ئایدۆلۆژیا بکات، دەبینین لە ساڵێك دوو ساڵێك لە کۆتایی تەمەنی ژیانی زۆر شیعرەکانی نزمتر بوون لەوەی کە پێشتر نووسیبوونی، خۆی وەکو شاعیرێك مایەوە، بەڵام ئاستی شیعرەکانی زۆر دابەزی، من نەمویست ئەوە بکەم، بەڵام بڕیارمدا کە راوەستم، من ساڵی ١٩٧٦ بڕیارمدا ئیتر بەسە شیعر نووسین، وا چاکە ئینسان خۆی تەرخان کات بۆ حزبایەتی.. من وا لە ژیان گەیشتم.

***ئەگەر ئێستا سەیری ئەو رابردووەی خۆت بکەیت.. ئەو (٣٢) ساڵی تەمەنە.. بتەوێ رەخنەی خۆت بکەیت وەکو شاعیرێك یان وەکو سیاسییەك ئەو رەخنەیە دەگریت ؟..**

-ئێستا کە سەیری رابردووی خۆم دەکەم حەزم دەکرد وەك شاعیر بمێنمەوە، چونکە ئەو وەختەی کە من شیعرم دەنووسی ڕاستییەك هەبوو لەشتەکاندا، ئەمە جگە لەوەی من خەریك بوو ڕێچکەیەکی خۆمم دەدۆزییەوەوەو تا ڕادەیەکیش شیعرەکانم جێگەی سەرنجی دەوروبەربوون، چونکە ئەوەندەی کە من گوێم لێدەبوو، یان باسدەکرا گوێم لێبوو دەیانوت  شیعری باش دەنووسی. ناوبانگم پەیدا کردبوو لە ناو گەنجانو لاوان،.. زۆر بەگەرمی خەریکی ژیانی رۆشنبیری کوردی بووم، حەزم دەکرد هەر بەردەوام لە مەیدانی شیعر، بەڵام ئیتر ئەوە وا دەرنەچوو، مەرج نییە هەمووشت لەم ژیانەدا بەویست و ئارەزووی خۆت بێت، بەڵام بەدەر لەو ژیانەش من توانیم وەك رۆژنامەنووس وەك سیاسیەکیش کاریگەریی خۆم لە کۆمەڵگەکەمدا هەبێت، ئەو کاریگەرییە چەندبێت ئەوە من نازانم.

***لەو زەمەنەدا زۆرێك لە گەنجان کە ئێوەش گەنجی ئەو زەمەنەبوون، فەلسەفەیەك هەبوو کە فەلسەفەی (عەبەسی یان یاخیبوون)یان پێدەوت، ئەم ئاراستانە تا چەند کاریگەریان هەبووە لەسەر شیعری ئێوە؟**

-لەسەر ئەوانەی من کەم هەیبوو.. بەڵام گروپی ڕوانگە کە من لەو قۆناغەدا بەشێك و کارکتەرێکی سەرەکی بووم تاڕادەیەك کاریگەریی هەبوو، بەڵام ئەبێت ئەوەش بڵێم کە روانگە، یەك ئایدیۆلۆژیای فیکری نەبوو، روانگە ئایدیۆلۆژیایەکی فیکریو سیاسی نەبوو، روانگە بزووتنەوەیەکی ئەدەبیو رۆشنبیری بوو، کە ڕێگەی خۆش دەکرد لە هەر مەیدانێکدا بەو شکڵە ئازادە بیربکەیتەوە بەرهەمەکانت بنووسی، شیعرە چیرۆکە هونەرە یان هەرچییەکی ترە، ئەمما لە مەیدانی فیکرو ئایدیۆلۆژیا تۆ سەربەست بووی لەوەی پارێزگاری بەچ فکرو ئایدیۆلۆژییەکەوە دەکەیت، یان لەگەڵ کام حزب ئیش دەکەیت یان چۆن بەڕێوەدەچێت لە ژیانی خۆتدا، ئەوە بەری بەرەڵابوو ئازاد بوو بۆیە دەبینی لە ناو روانگە کاك شێرکۆمان هەبوو کە پێشتر باکگراوندەکەی (کاژیك) بوو، بەڵام حسێن عارفیشمان هەبوو کە باکگراوندەکەی قیادەی مەرکەزی بوو، جەلالی میرزا کەریممان هەبوو کە باکگراوندەکەی لیژنەی مەرکەزی بوو حزبە شیوعیەکەی دیکە، خەڵکمان هەبوو سەر بەحزب و رێکخراوی دیکە بوو، خەڵکمان هەبوو کۆمەڵە بوو، ئەو کۆمەڵە رەنجدەرانەی کە ئێستا دەیبینی، خەڵك هەبوو حزبایەتی نەدەکرد، روانگە خۆی مەیدانێکی فراوان بوو.

***ئاخر ئێوە بەدەر لە روانگە هەروەکو خۆتان وەکو ئەو کاتەی قوتابی بوون یان شاعیربوون، یاخود کۆمەڵێ رۆشنبیربوون، بەجۆرێ لە جۆرەکان بانگەشەی جۆرێك لەیاخیبوون و ئازادیتان دەکرد، بەڵام لەولاشەوە هەمووتان خۆتان ژێر بەژێر پەیوەستبوون بەحزبێکی دیاریکراوەوە، ئایا ئەمە ئیزدیواجیەتی کارکردن نەبووە لای ئێوە؟....**

-بزانە.. ئێمە داوای ئەوەمان دەکرد ئینسان لە بیرکردنەوە، لە نووسین ئازاد و یاخیبێت، چونکە نووسین ئیلتیزامێکی ئەخلاقی و ئینسانییە لە ناو کۆمەڵدا، بۆیە پێویستە نووسەر لەو دووشتەدا بە نوێخوازی و بە تازەیی بیربکاتەوە، هەرگیز ئەوەمان نەکردووەتە بڕیار  کە فیێن نووسەر  ئیللا لەگەڵ فیێن حزب ئیش بکات، وەك ئاماژەم پێدا ئێمە جیاوازبووین لەبیرکردنەوەو ئینتیمادا، بۆیە ئەو جیاوازییەش زۆر بەڕونی لە کارو چالاکییماندا

ڕەنگیدابووییەوە، بۆیە ئەو مەرجە دوور بوو لە ئێمە کە نووسەر و ئەدیب پێویستە لەگەڵ فێن ڕێچکەی سیاسی بێت، سەبارەت بە بەشێکی تری پرسیارەکەشتان سەبارەت بە یاخیبوون، یاخیبوون لەلای ئێمە ئەو وەخت ئەو شکڵ و فۆرمەی نەبوو ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت، ئەوە ئەو یاخیبوونە بوو کە زۆرتر ڕێچکەیەکی زۆر نزیك لە ڕوانگە داوایان دەکرد، کە ئەویش ڕێچکەی لەتیف هەڵمەتو ئەوان بوون، یاخیتربوون لە ئێمە، ئێمە ئەو یاخیبوونەی ئەوانمان دووبارە نەدەکردەوە، ئێمە زیاتر داوای ئەوەمان دەکرد مرۆڤ بەسەربەستو ئازادی بیربکاتەوە، مرۆڤ بەسەربەستیو ئازادی بەرهەمی نوێ بێنێتەگۆڕێ، بەرهەمی ئەدەبیو نووسین، مرۆڤ بە ئازادی لە ناو کۆمەڵگەی خۆی بجوڵێتەوەو داهێنان بکاو هەوڵ بدات ئەو کۆمەڵگەیە دروست بکات، ئێمە دوعاتی یاخیبوون نەبووین جیاوازییەکەمان لەگەڵ ڕێچکەی لەتیف هەڵمەتو ئەوان ئەوەبوو، ئەوانە ئێستا زۆر جار تێکەڵ دەکرێ، ئەوانەی دێن تەماشای ئەو قۆناغە مێژووییەی ئەدەبیاتی کوردی دەکەن تێکەڵی دەکەن لە بەینی هەردوو ڕێچکەکەدا، وا دەزانن ئێمەش وەکو لەتیف هەڵمەتو لەتیف حامیدو ئەوان بووین ئەوانیش لەگەڵ ئێمە یەك بوون ئەوە وانییە، فەرزێك هەبوو لە گۆڕێ، فەرزێکی زۆر ڕێکوپێك، ئێمە زیاتر داوای ئەوەمان دەکرد دەمانووت وەرن با لە ناو ئەو قەوارە کلاسیکییەی کە هەمانە بیربکەینەوە، ڕێیەکی تازە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی شاعیرو ئەدیبو چیرۆکنووس ئازادی خۆیان وەربگرن لەوەی ناوەڕۆکی خۆیان دەربڕن، چییان دەوێ بەبێ پابەندی بەهەندێك یاساوە شتەکانی خۆیان دەربڕن، لە کاتێکدا ڕێچکەکەی لەتیفو ئەوان داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئێمە لە قۆناغی پێش خۆمان بەتەواوی یاخی بین، بۆیە قەت تێکەڵاوی دروست نەدەبوو لە بەینی ئەو دوو ئاراستەیە، هەموو کات لێك دووربووین.

***هەست دەکەیت ئەم جیاوازییە جیاوازییەکی مەعریفی بووە یان جیاوازییەکی شکڵی و جوزئی بوو؟**

-دەکرێت لەلایەنێکی ترەوە لەو جیاوازییە بدوێین، کە بێگومان جیاوازییەکی مەعریفیو جیاوازییەکی ڕۆشنبیری بوو لە تێگەیشتن لە ژیان و تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی ئەدەبیاتو نووسین، ئێمە وای تێدەگەیشتین کە ئەدەبیاتو نووسین نابێ ببێتە فاکتەرێکی ڕووخاندن، فاکتەرێکی یاخیبوون لە ناو کۆمەڵدا، پێمان وابوو ئێمە بۆ ئەوەی ئەو نووسینە بکەین بەنووسینێکی داهێنەرانە، بیکەین بەعاملێکی بینا دەبێ ئازادی بکەین، دەبێ قەڵەم ئازاد بێ بۆ ئەوەی بتوانێ شت دروست بکات، بەڵام ئەوان ڕێچکەکەی دیکە زۆرتر داوای ئەوەیان دەکرد کە دەبێ ئەوەی پێش خۆمان بروخێنین، لە ناوی ببەین، ئێمە ئەبێ شتێکی تازە دەست پێبکەینو پابەند نەبین بەهیچ جیاوازییەکی جەوهەری، هەبوونی بەحەقیقەت لە بەینی ئەوەی ئێمەو ئەوەی ئەوان حەقیتەتێکی مەجازی و جیاوازبوو، بۆیە هەندێك جار ڕەخنەگرەکان تێکەڵیان دەکردو ئەو ئاسۆیەیان لە بەرچاو ڕوون نەبوو، کە ڕوانگە چییە؟ نوێخوازی چییە؟ ئەو نزیکبوونەوەی یاخیبوونە چییە؟ تێکەڵیان دەکردو ئەو تێکەڵییە وایدەکردو وا لێکبدرێتەوە ئێمەش داواکاری یاخیبوون بکەین، ئێمە داواکاری یاخیبوونمان بەو شێوازە نەدەکرد، بەپێچەوانەوە من ئەندامی حزبێك بووم، شێرکۆ تازە لە حزبێك هاتبووە دەرێ، حسێن هەولی دەدا لەگەڵ حزبێك ئیش بکات، جەلال هەر لەگەڵ پارتی بوو، فلان لەگەڵ کۆمەڵە بوو، ئەو شتە کە تۆ باسی دەکەیت پەیوەندی نەبوو بەو شێوازەی کە ئێستا هەندێ جار باسی دەکرێت، بەڵام ئێمە داوای ئەوەمان دەکرد مادام ئەو کەسە نووسەرو ئەدیبو ڕۆشنبیرە، دەبێ ڕێگەی لەبەردەم خۆشبکرێ بۆ ئەوەی بەئازادی بیربکاتەوە، هەر ئەوەندە بوو ئەوەی ئێمە داوامانده‌کرد.

***تۆ لەتیف هەڵمەت و لەتیف حامیدو بەڕێچکەیەکی ڕوانگە دانا، بەس ئەوانە خۆیان بەجیا لە ئێوە زانیوە، خۆیان بەگروپی کفری ناساندووە، ئێستا تۆ کردنت بەڕێچکەیەك لە ناو ڕوانگەدا، شێرکۆ بێکەس دەڵێت : (گروپێك نەبووە بەناوی گروپی کفرییەوە) بۆ چونی تۆ لەسەر ئەوە چییە؟**

-من حەز دەکەم وردەکارییەکەت بۆ باس بکەم، چونکە هەموومان ئاگامان لێیەتی، لەتیف هەڵمەت لە

کەرکوکەوە خەریکی شیعر نووسین بوو، ئەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت دەینووسین تازەبوون، جۆرێکی تازەبوون لە شیعرنووسین، لەو قۆناغە دیاریکراوەی ئەدەبی کوردیدا، بەڵام زۆر نەبوو دەستی پێکردبوو، پێم وایە لەتیف لە ٦٦ یان ٦٧ دەستیپێکردبوو، لە پاڵ لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامید هەبوو کە خزمایەتی هەبوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، خزمبوون، لەتیف حامید خەریکی چیرۆك بوو، ئەویش چیرۆکەکانی جۆرێك لە تازەگەری پێوەبوو، ئەوانە لە کەرکوك بوون، ئەوان لە دەوری خۆیان چەند کەسێکی تریان کۆکردبووەوە وەك ئەنوەر شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، سەلام محەمەد، ئەو سێ کەسە لەدەوری ئەوان لە فەلەکی ئەو دوو کەسەبوون، ئەوانە لەلایان روون نەبوو ئایا رێچکە چییە؟ رێچکە دامەزراندن چییە؟ بزووتنەوەو دروستکردن چییە؟ خەریکی ئەوە نەبوون هەموویان خەریکی بەرهەمەکانی خۆیان بوون، دەیانویست شتێکی تازە بنووسن، شتە تازەکەیان ئەو مەسەلەی یاخیبوونە بوو کە ئێستا باسمان کرد، داوای یاخیبوونیان دەکرد، داوای رووخاندنیان دەکرد، داوای تەفروتووناکردنی رابردوویان دەکرد، تەفروتووناکردنی کەلەپوورو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە، بەڵام کاك حسێن عارف و ئەوان لە بەغدا خەریکی بزووتنەوەیەکی رێکوپێکتربوون لە هەمان کاتدا، کۆبوونەوەیان بۆ دەکرد، قسەیان لەسەر دەکرد، بەیانیان دەنووسییەوە، ئەفکاری خۆیان کۆدەکردەوە کە چییان دەوێ، ئەوەی ئەوان دەیانوویست ئەو نوێخوازییە بوو کە ئێستە باسمکرد، کە نووسەرو رۆشنبیر ئازادبێ لەوەی کە بیربکاتەوە، لەوەی کە بەرهەم دابهێنێ، ئەو دوولایە رێچکەیان نەبوو، بەڵام لە یەك کاتدا بوو، کەلەبەغدا رۆژنامەی هاوکاری دامەزرا، ئیتر ئەو گروپەی کەرکوك پیویستیان بەرۆژنامە هەبوو بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە، ناسیاوی پەیدا بکەن، هاتووچۆ بکەن، ئاگایان لێبێت.. ئەو رۆژنامەیەش ئەوەی زۆرتر هانی دان بەرەو ئەوەی بێن بزانن چییەو تێکەڵاوییەك دروست بکەن ئەوەبوو کە روانگە خۆی لە ناو ئەو رۆژنامەیە قایم کردبوو، لە ناو رۆژنامەی هاوکاری، ئەوەبوو لەتیف هەڵمەت هات، سەلام محەمەد هات لەتیف حامید دەهاتو هاتووچۆی دەکرد، ئەوانە دەهاتنە هاوکاری جۆرێك لە ناسیاویو هاورێیەتیو بەرهەم خوێندنەوەو بەرهەم بڵاوکردنەوەو ئەوانە دروست بوو، بەڵام جیاوازی هەبوو، ئەوان تێکەڵاوی بزووتنەوەی روانگە نەبوون، رێچکەیەکیشیان نەبوو وەکو رێچکەو گروپ، چونکە نە بەیانێکیان نووسیبووەوە، نە رێکەوتنێکی پێشوەختیان لەسەر بنەمای ئەو ئیشەی خۆیان هەبوو.

***لەم قسەیەی ئێوەوە دەتوانین بڵێین گروپی کفری وەك ئەوا وایە بەرپەرچدانەوە یان وەکو دژێك دژی روانگە یان پەرچەکردارێك بوو بێت لەو قۆناغەدا؟**

-نا.. هیچ نەبوو لەو جۆرە پەرچەکردارو ئەوانە، چونکە ئەو گروپە ئەگەر ناویان بنێین گروپ.. ئەو گروپی کەرکوك بوو.

***بۆ حەزەر لەوە دەکەی ناوی بنێی گروپ، ئایا گروپ نەبوون؟**

-گروپی ئەدەبی ئەوەیە تۆ رێچکەیەکی دیاریکراوت هەبێـت بنەمایەك بۆ ئەو گروپە دابنێییت کە لەسەر ئەرۆیت، ئەبێ پێکهاتنێکت هەبێ لەسەر کۆمەڵێ بابەت و بنەمای ئەدەبی، چی بکەیت؟ چی نەکەیت؟ شێوازت چۆن بێت؟ ناوەرۆکت چۆن بێت؟ ئامانجت لەچیدا کۆدەبیتەوە؟ بۆچی ئەو گروپە دروست دەکەیت؟ هەموو ئەوشتانەی باسی دەکەم ئەو برادەرانەی تۆ باسی دەکەیت (گروپی کفری) هیچی ئەوانەیان نەبوو ئەوان، بۆ نموونە روانگە بەیانی هەبوو بەیانی دەرکردبوو، بەڵام ئەوان هیچ شتێك لەو شتانەیان نەبوو.

***بەڵام ئەوانیش گروپی روانگە بەگروپێکی سیاسی دەزانن، وەك لەوەی گروپێکی ئەدەبی بێت بەوەی کە دەڵێن زۆربەیان بوون بەکادرێکی سیاسی؟**

-نەخێر.. نا، ئەو قسەی ئەوان وانییە، گروپی سیاسی نا وەکو ئێستا پێم وتی.. شێرکۆ بێکەس باکگراوندی کاژیك بوو دانیشتبوو.برادەرانی تریش بە هەمان شێوە، ئەو قسەیە وردەکاری تێدانییە.

***بەڵام بەیاننامەکانتان.. زیاتر لایەنی سیاسی پێوە دیاربوو وەك لایەنی تر، بەتایبەتی ئێوە گروپێکی ئەدەبی بوون نەك سیاسی؟**

-من لەبەیاننامەکە نەبووم، بەڵام ئەوەندەی من بەبیرم بێت بەیاننمەکە هیچی ئەوتۆی سیاسی تێدانەبوو، بەڵام لە بارودۆخێکی سیاسیدا هاتبووە گۆڕێ، بەیانی روانگە لەو کاتەی ئەدیبەکان دەیانووسیلەولاشەوە رێککەوتننامەی (١١)ی ئازاریش ئیعلانکرا، قۆناغەکە وەختێکی سەختو ئاڵۆز بوو، ئەو بەیاننامەیەی روانگە لە بەغداد بوو، ئەمە قورساییەکی گەورەیی بەخشیبوو بەو بەیاننامەیە، بە بەرچاوی کوردو عەرەب و هەموو عیراقەوە، بوو، ، بەڵام ئەوەی ئەوان ئەوەی کەرکوك، لە کەرکوك دەکراو کەس ئاگای لێ نەبوو.. ئەگەر بەیاننامەکەیان نەیاننارداریە بۆ بەغداد و نەیانناردایە بۆ رۆژنامەی هاوکاری، خۆشیان ئەو حەقیقەتە دەزانن، ئەوەی کەرکوك زۆرتر لەسەر ئەساسی برادەرایەتی دامەزرابوو، بەیەکەوە لەکەرکوکێکی زەحمەت کە تووشی قەیرانێکی رۆشنبیری گەورە هاتبوو بەهۆی سیاسەتەکانی حزبی بەعس، لەو وەختەدا ئەو گروپە کە بەحەقیقەت زۆر دڵسۆزانە ئیشیان دەکرد، زۆر کاریگەربوو دەوریان لە مەوزوعی کەرکوکدا، لەوێ بەکوردی دەیاننووسی، وە هەوڵیان دەدا رێچکەیەکی تازەخوازیو نوێخوازی کوردی دروست بکەن، لەکەرکوکەوە دەستیان پێکرد، ئێمە کە لەبەغدا دەستمان پێکرد، هاوکاری هەبوو ئێستگەی بەغدا هەبوو، گۆڤاری بەیان هەبوو، یەکێتی نووسەران هەبوو، بۆیە ئێمە ئازادیمان زۆرتر بوو لەوەی کە شتەکانمان بڵاوبکەینەوە، بەڵام ئەوانەی کەرکوك هەر بەپەرتەوازەیی مانەوە، ئەوەی کۆیکردبوونەوە هەر هاورێیەتی و برادەرایەتی بوو، لەکاتێکدا ئەوانەی روانگە وەك پێم وتی زۆر لەوە دووربوو.

***کە تۆ باسی هاورێیەتی و برادەرایەتی دەکەیت، فەرهاد شاکەلیو لەتیف هەڵمەتیش بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەهەندێ رووەوە لە کاتێکدا ئەو دوو کەسەش بەیەکەوە لە و گروپەدابوون؟**

-بەڵام زۆر هاورێ و برادەربوون، لە ژیانی رۆژانەشدا، ئەو کات ئێمەومانان چ من چ سەلاح شوان.. ئێمە زۆر گەنج بووین، زۆر تازەش بووین لەسەر مەیدانی ئەدەب و رۆشنبیری، هێشتا ئەزموونی ئێمە نەخەملابوو، هەروەها هی لەتیف هەڵمەتیش، هی ئەنوەر شاکەلیش.. شێرکۆ بێکەس لە ساڵی (١٩٥٧) وە شیعری بڵاوکردەوەتەوە، جەلالی میرزا کەریم هەروەها، ئەوان ئەزموونێکی قووڵو درێژیان هەبوو، بەڵام ئێمە پشتمان بە ئەزموونی ئەوان دەبەست، تەمەنمان هەر نۆزدە ساڵ بیست دەبووین، هاتبووینە بەغدا، تازە هاتبووین من لە هەولێر زیاترم نەدیبوو، کە هاتمە بەغدا وامزانی گەشتوومەتە کۆتایی دنیا ئیتر تەواو.. وابوو وا بەو ئەقڵە هاتبووینە پێش، هاتینە بەغدا دەبینی ئەو شاعیرو چیرۆکنووسە گەورانە، ئەوە رۆژنامەی هاوکاری ئەوە گۆڤاری بەیان، ئەوە یەکێتی نووسەرانی کورد، چالاکییەکی زۆر، کۆبوونەوە، کۆڕ، بزووتنەوەی کوردایەتی لەوپەڕی بوو، شیوعیایەتی لەوپەڕی بوو، بەعسایەتی خەریك بوو دەبووە ئەوپەڕی، ململانێیەکی زۆر لە گۆڕێدا بوو، ئێمەش دەمانویست جێپێیەکمان ئاشکرابێ، لە ناو ئەو واژە واژەی بەغدا پێویستیمان بەجێپێیەکی خۆمان هەبوو، گەنج بووین، تازە بەگەرمی هەریەکە لە رێچکەیەکەوە، بەڵام ئیعتیدام بەچییەوە دەکرد ئێمە ئەو گەنجانە، ئیعتیدامان بەتاقیکردنەوەو ئەفکاری حسێن عارفو شێرکۆ بێکەسو جەلالی میرزا کەریم و ئەوانەوە دەکرد.. ئەوانە خاوەنی تاقیکردنەوەبوون، ئیمە خاوەنی تاقیکردنەوە نەبووین، بۆیە من پێم وایە لەتیف هەڵمەتو ئەنوەر شاکەلی ئەوکات وەکو ئێمەومانان بوون لە تاقیکردنەوە، کە تاقیکردنەوەیان زۆر قووڵ نەبوو هەتا بزانین جیاوازی لە نێو ئەنوەر شاکەلیو فەرهاد شاکەلیو لەتیف هەڵمەتو ئەوانە چییە؟ ئەو وەخت ئەوان وەك چۆن من بەرچاوی خۆم بەچاکی نەدەدی، سەلاح شوان بەرچاوی خۆی بەچاکی نەدەدی، رەفیق سابیر بەرچاوی خۆی بەچاکی نەدەدی، ئەوانیش بەهەمان شێوە، ئەوانیش وەکو ئێمەبوون و لە قۆناغێکی زۆر سادەو ساکاردابوون.

***ئەگەر سەیری گروپی روانگەو هەموو ئەو گروپە رۆشنبیریانەی تر بکەین لەکۆمەڵگەی ئێمەداو لە ماوەی (٥٠)**

**ساڵی رابردوودا دروست بوون، وەك روانگە، گروپی كفری، دوای ئەوە گروپی هەولێر هەبوون، لە شانۆدا گروپی ئەزموونگەری هەبوو لە سلێمانی، پێت وایە پرۆژەی رۆشنبیریی لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، پێویستی بە گروپ هەیە بۆ داهێنان، یان داهێنان لەپرۆژەی رۆشنبیریدا حاڵەتێكی فەردیە و یان پێویستی بەگروپ و گروپكاری نییە؟**

-گروپ و گروپكاری لە ناو بزووتنەوە رۆشنبیرییەكانی دنیا هەر هەمووی حاڵەتێكی تەندرووستە، حاڵەتێكە دەربڕی ئەوەیە كە بزووتنەوەی رۆشنبیری لە بارودۆخێكی باشدایە، چونكە دروستبوونی ئەو گروپە ئەدەبیانە مانای ئەوەیە جیاوازی هەیە لە بۆچوون لە تێگەیشتن لە لێكدانەوە، بۆ بزووتنەوەی ژیان بۆ بزووتنەوەی مێژوو بۆ كەلتوور بۆ داهاتوو، جیاوازی هەیە، بۆیە من دەبم بەگروپێك و تۆ دەبی بەگروپێك، ئەو جیاوازییەش بەڵگەی ئەوەیە كە ئەو بزووتنەوەیە گەرموگورییەكی پێوەدیارە، مشتومری تێدایە گفتوگۆو دایەلۆگی تێدایە، جیاوازی تێدایە، ئەقڵی جیاوازی تێدایە، بۆیە گەر تۆ سەیری فەرەنسیەكان بكەیت لە پاش جەنگی جیهانی یەكەمەم و دووەم، لە فەرەنسا جۆرەها گروپی ئەدەبیو هونەرییان دروستكردووە، لە بەریتانیاو ئەڵمانیا بەهەمان شێوە، لەهەموو جێیەك، پاشان لە ناو عەرەب، تۆ وەرە بۆ پاشتر لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە ناو عەرەبیش لەو بەغدایە جۆرەها گروپی هونەریو ئەدەبیو شیعری هەبوو، لە قاهیرە هەمان شت لە بەیروت هەمان شت، بۆیە ئەو گروپ و گروپكارییە بەمانا باشەكەی ئەوەیە تۆ وتت بەو مانا باشەی من پێم وایە دەلالەتی ئەوەیە كە ئەو بزووتنەوە رۆشنبیرییە تەندروست و سەلامەتی تێدایە، بۆیە ئەگەر تەماشا بكەین لە سەردەمی روانگە بەرهەمو داهێنانی رۆشنبیری كورد لەو سەردەمە زۆر قورسو زۆر گەرمو زۆر جێپێگربوو، هەتا ئێستاش شیعری كوردی بەو پێیە دەنووسرێتەوە كە روانگەییەكان نووسیویانەتەوە.

***بەس ئایا هەر هەست ناكەی ئەو گروپ و قۆناغە تێپەڕێنرابێت؟**

-نەخێر.. تا ئێستا تێنەپەڕێنراوە، یەكێك لە كێشەكانی شیعری كوردی ئەوەیە كە تەجاوزی شیعری ساڵانی حەفتا نەكراوە، تەجاوزی ئەو بەرهەمانە نەكراوە، كە لەو قۆناغەدا چ وەك شیعر چ وەك چیرۆك نووسراون.. خۆشت دەزانی، گۆران تەجاوزی كرد، گۆران تەجاوزی قۆناغەكەی پێش خۆی كرد، ئێستا هەموومان كە گۆران دەخوێنینەوە دەزانین گۆران تەجاوزی قۆناغەكەی پێش خۆی كردووە، ئەو شاعیرانە كە گەورەترینیان، دیارترینیان شێركۆ بێكەس بوو، تەجاوزی مەرحەلەی كامەران موكریو حەمە ساڵح دیلانو ئەوانی كەیان كرد، بەڵام لەو وەختەوە هەتا ئێستا من وەك خۆم وەك خوێنەرێك موتاقبەعەی شیعری كوردی دەكەم، من نەمدیوە تەجاوزێك هەبێ بۆ ئەو سەردەمە، راستە بەرهەم زۆرترە، چونكە شاعیر زۆرتر بووە، چونكە هۆكارەكانی بڵاوكردنەوە زۆرتر بووە، چاپخانە زۆرتربووە، گۆڤارو رۆژنامە زۆرتربوون، كتێب هەتا ئێستا شێركۆ شیعرەكانی لە هەموو شیعرەكانی شاعیرەكانی تر باشترە..

***لە دیدارێكدا لەتیف هەڵمەت دەڵێت ئەو یاخیبوونەو تازەگەرییەی ئێمە مەعریفەیەتی لەپشتەوە نەبووە، جگە لەخۆدەرخستن و باسكردن نەبێ لە ناو خەڵكدا، تۆ پێت وایە ئەو ئەزموونە تازەیەی شێركۆ بێكەسیش بە هەمان شێوە، مەعریفەیەكی قووڵی لە پشتەوە نەبووە؟**

-نانا.. من پێم وایە ئەو تاقیكردنەوە تازانەی كە خۆیان دەگرن دەبێ مەعریفەشیان لە پشتەوە هەبێت..

***بەڵام ئەوان خۆیان وا ئەڵێن؟**

-دەزانم.. بەڵام ئەوە رەنگە كاك لەتیف شت تێكەڵ بكات، یانی هەڵسوكەوتی لاسارانەی گەنجایەتی لەگەڵ شیعر.. دیارە ئەو دوو شتە تێكەڵ دەكات ئەگینا ئەگەر مەعریفەیەك لە پشت لەتیف هەڵمەتەوە نەبووبێت نەیدەتوانی بەو زمانە جوانە، بەو شارەزاییە وردە لە هونەری شیعر، بەو دێڕ دێڕ رێزكردنە، بەو وێنە شیعرییە جوانانە، بەو مەوزوعە گەرمانەی باسی دەكرد ساڵی ١٩٦٩ دیوانێك چاپ بكات، نەیدەتوانی.

***باسی کاریگەری شیعر (٦٩)ی عەرەب دەکات.. کاریگەری ئەوانە بووە کە توانیویەتی ئەوە بکات، یانی ئەوەش هەر چاولێکەری؟**

-نا باوەڕ ناکەم، بەو شکڵە نییە بەو شکڵە میکانیکییە نییە وەك باست کرد، من هەندێك شتیم خوێندۆتەوە، چاوپێکەوتنو تاقیکردنەوەو ئەوانەی لەتیف هەڵمەت، ئەوەندەی بۆم هەڵکەوتبێ من جیاوازم لەگەڵ لەتیف لە زۆرشتدا، دەربارەی ئەو وەخت، هەتا کە باسی خۆی دەکات من جیاوازم، من پێم وایە لەتیف هەڵمەت کە دەستی پێکرد (٦٨و ٦٩) مەعریفەیەك هەبوو لە پشتی، پێووتنەوەیەك هەبوو بۆ شیعر لە پشتی، ئاگاداری ئەزموونی شیعری عەرەب بوو، شیعری کوردی خوێندبووەوە، نالیو سالمو کوردیو گۆرانو دیلانو کامەرانو ئەوانەی چاك خوێندبووەوە، بۆیە توانی ئەو شیعرە جوانانە بنووسێ، بەڵام ئەگەر خۆی هەستی پێنەکات ئەو مەعریفەیەی لە پشت بوو ئەوە مەوزوعێکی ترە، بۆ هەستی پێنەکردووە، چونکە ئەو وای لێکداوەتەوە کە شیعر نووسین کە ئەو مەعریفەیەی لە پشتە لەگەڵ هەڵسوکەوتی لاساری گەنجامە تێکەڵەیەك شتە، لە کاتێکدا جیاوازی هەیە، راستە ئەو کات شیعری عەرەبی زۆر لەگەشانەوەدا بوو.. بەنیسبەت ئێمەشەوە کە هیچ زمانێکی دیکەمان لە پێش نەبوو، ئەوسا وەکو ئێستا نەبوو، ئەوسا رۆشنبیری کورد لە سەدا یەك رۆشنبیرانی کورد نەبوون زمانێکی بێگانە، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی بزانن، عەرەبی دەوڵەمەندترین زمان بوو لە پێشی ئێمە، عەرەبیش خۆی زمانێکی دیاریکراوە، بەڵام بۆ پەنجەرەی رۆشنبیری ئێمە پەنجەرەی مەعریفی ئێمە بەسەر دنیاوە زمانی عەرەبی بوو، بۆیە ئاسایی بوو ئەگەر لە هەندێ شت تەماشای عەرەب بکەین، ئەگەر لە هەندێ شت بەدوای تاقیکردنەوەی عەرەبی بکەوین، بەڵام ئەو تاقیکردنەوەیە زوو دەمرد، ئەگەر هەر لاساییکردنەوە بوایە، کە زوو نەمرد بەردەوام بوو مانای ئەوەیە لە ناو رەگو ریشەی کۆمەڵگەی خۆت تۆ رەگێکت هەیە، دوایی بۆ لاساییکردنەوە بۆ ئاسایی نەبێت کوردیش وەکو عەرەب عەرەبیش وەك ئینگلیز ئینگلیزیش وەکو میللەتانی دیکە لە جوڵانو گۆڕانکاریدا بن.. بەپێچەوانەوە ئێمە زۆر درەنگ دەستمان پێکرد، عەرەب دەستیان بەتازەکردنەوە کرد لە ساڵانی چلەکان لە ٤٥و ٤٦و ٤٧، ئێمە لە حەفتاوە دەستمان پێکرد.. گەرچی دواکەوتین، بەڵام ئاساییە.

***تا ئێستا گفتووگۆیەکی گەرم لە نێوان لەتیف هەڵمەت و شێرکۆبێکەس دا هەیە کە دەڵێن من دەستپێشخەربووم، دیارە باسی درێژی رێچکەکەو قووڵبوونەوەی زیاتر ناکەم، بەڵام وەك سەرەتا لەتیف دەڵێ من زووتر دەستم پێکردووە بەگۆڕانکاری شیعرەکەو تازەکردنەوەی شیعر، شیعری خۆی بەیەکەم کەس دەزانێ، تۆ پێت وایە کامیان ئەو دەستپێشخەرییەبوون؟**

-ئەوە لە ناو عەرەبیش هەمان گفتووگۆ هەیە، ئەوانە مردن ئەوانەی ئەو بانگەشانەیان دەکرد، عەبدولوەهاب بەیاتی ئەیوت من یەکەم کەس بووم، دەستم بەشیعری تازەی عەرەبی کرد، لەلایەکی تر (نازك الملائكه) دەیوت نەخێر من بووم، بڵند حەیدەری دەیوت نەخێر من بووم، وەختی خۆی بەدر شاکر سەیاب دەیگووت نەخێر من بووم، ئەو گفتوگۆیە هەر بەردەوام بووەو هەر بەردەوامیش دەبێت، چونکە من پێم وایە دەستپێکردن خاڵێك نییە، ئێمە هەزار مەتری راناکەین بۆ ئەوەی تەقەیەك بکرێو کێ زووتر پێی دەهاوێ، ئەوە نییە ئەوە بزووتنەوەی مێژووە دەڕوا، تۆ زەحمەتە دەستنیشانی بکەیت کێ بووە یەکەم کەس.. یەکەم هەنگاوی ناوە.

***ئەی تۆ پێت وانییە لە هەشتاکان و لە سەرەتای نەوەدەکان دەنگ هەبووە باسی بەختیار عەلیو گروپی رەهەند دەکرێت، شکڵێ لە شکڵەکان گۆڕانکارییان کرد لە بنەماو شێوازی نووسینی کوردی، بە تایبەتیش گۆڕان لەسەر ئاستی زمانو تەکنیك لە شیعردا؟**

-من پێم وانییە، داهێنانی گەورەیان کردووە، بەڵام گۆڕانکارییان کردووە.

***بەڵام باس لەوە ئەکرێ چۆن کۆمەڵێك نووسەرو کۆمەڵێك گەنج لەو زەمەنەدا و لە ئێستاشدا کەوتنە ژێر**

**کاریگەری شیعری بەختیار عەلی؟**

-من ڕێزو تەقدیرم هەیە بۆ ئەو بەرهەمانەی کاک بەختیارو ئەوانەی ئەو جیلە بەڕاستی شتی جوان هەیە شتی باش هەیە، ئەوانەی کە بەختیار عەلی دەینووسی داهێنانی گەورەن، بەڵام ئەوەی من دەیڵێم جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی تۆ دەیڵێیت، من دەڵێم بەختیار عەلی تەجاوزی شێرکۆی نەکردوە، نە بەختیارو نە ئەوانی دیکە، چونکە تا ئێستا شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس جێگەی خۆیان هەیە، قورسایی خۆی هەیە، تۆ چەند رازیو چەندیش رازی نەبیت لەگەڵ ئەوە، بەڵام شێرکۆبێکەس هەتا ئێستا گەورەترین شاعیری کوردە، دەوڵەمەندترین تاقیکردنەوەی هەیە، روونترین روئیای هەیە بۆ بزووتنەوەی شیعریی، شێرکۆ جیاوازی هەیە، لەوەختی گۆرانیش خەڵك هەبوو شیعریان زۆر دەنووسی، خۆ هەر گۆران نەبوو، باوەڕت بێ زۆرێکیان خۆیان بە گۆران نەدەدا، بەڵام خۆ گۆران دیاربوو، بەڵام من پێم وایە بەرهەمو داهێنانی زۆر گەورە لە ئێستای شیعری کوردیدا هەیە، بەڵام هەتا ئێستا تەجاوزی تاقیکردنەوەی شێرکۆ بێکەس نەکراوە.

***بەڕای ئێوە ئەو دەنگانە کێن؟**

-ناوهێنان کارێکی باش نییە، بەڵام پێم وایە بەختیار عەلی یەکێکی گەورەیە لە مەیدانی شیعرو ڕۆمان.

***پرسیارێك ویستم پێشتریش بیکەم، باسی کاریگەری، من زۆر موهتەمم بەوەی لەگەڵ هەر کەسێکدا قسە دەکەم کە باس لە کاریگەری بکات، ئەو پرسیارە باوەی لێدەکەم تۆ لە ژێر کاریگەری کێدابوویت؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە باوەش بۆ تۆ شیاوبێت، کە لە ژێر کاریگەری چ شاعیرو نووسەرێکدا بویت لەو قۆناغە سەرەتاییەی نووسین و خوێندنەوەتدا؟**

-ئەو وەختەی کە من دەستم پێکرد، بەدر شاکر سەیاب ئەگەرچی وەفاتی کردبوو، بەڵام بەرهەمەکانی زۆر زاڵ بوون بەسەر پانتایی رۆشنبیریی عەرەبی، ئەوەی بیویستایە شیعری عەرەبی بخوێنێتەوە دەبوایە بچووبایە بەدر شاکر سەیاب بخوێنێتەوە، بەدر شاکر سەیاب هەم بۆ منو هەم پێم وایە ئەو شاعیرانەی پێش من لەوانە: شێرکۆ کاریگەری زۆر زۆر بوو.

***ئەی محەمەد ماغوت کاریگەریی لەسەر شیعری تۆ هەبووە؟**

-ئەوکات محەمەد ماغوت کەمتر بڵاوببووەوە لە ناو ئێمەدا، ناوی ئەوانە زۆر زەحمەت بوو لە ناو ئێمە وەکو ئێستە نەبوو، ئێستە تۆ لە ڕێی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتو رۆژنامەی دنیاو کتێبو ئەو مەعریفە تێکەڵەیەی کە لە جیهاندا هەیە، زۆر بەئاسانی ئێستە دەزانی محەمەد ماغوت ناونیشانی لە کوێ بوو، لە کام ماڵ دەژیا وە چۆن شیعری دەنووسی، ئێمە ئەوکات وێنەی محەمەد ماغوتیشمان نەدیبوو، هەریەك دوو بەرهەمی بچووکیمان دیبوو، ئەوکات جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئێستا، ئێمە ئەوکات شیعری بەدر شاکر سەیابو عەبدولوەهاب بەیاتیو نازك ملائیکە لە مەیدانی عەرەبی زۆر بڵاوبوون، شیعری ئەدۆنیس بڵاوبوون لە بازاڕ، ئەدۆنیسیش یەکێك بوو لەوانە تەئسیرێکی زۆر گەورەی هەبوو بەسەر ئەو بزووتنەوە نوێخوازییەی کە لە ناو کورد دروست بوو، ئێمە ئەوانەمان لەبەردەست بوو ئەوانەمان دەخوێندەوە، جارجارەش محەمەد ماغوت، بەڵام ئەو وەخت من پێت دەڵێم هەموو شاعیرانی ئەو سەردەمەی من بابڵێین شاعیرانی حەفتاکان بەدر شاکر سەیاب سەرچاوەی سەرەکی تاقیکردنەوەی شیعری بوو.

***شتێکی تر هەیە، ئەڵێن ئێوە بەتایبەتی باسی تۆو جەلالی میرزا کەریم دەکرێت، کە موعجیب بوون بەو شاعیرانەی عەرەب کە مارکسی بوون لە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیانەی خۆتانەوە.. بۆ نموونە ئەو شاعیرە مارکسیانەی کە موعجیب بوویتو بیرمابێ کێ بوون؟**

-ڕەنگە ڕاست بێ.. لە ناو عەرەب کەم بوون.. ئاخر کە من دەگەڕام بۆ شاعیرێك کە وەکو مەوقیعی حزبی من وەستابێ.. ئەو وەختە خەڵك هێندە داهێنەری ناو نەبوو، کۆمەڵێك هونەرمەند هەبوون، کۆمەڵێك خەڵك هەبوون

یەك لەوانە ئیبراهیم زاهیر برا گەورەی ئیسماعیل زاهیر براگەورەکەی کە شەهید بوو، ئەوە زۆر تەئیسری لە ژیانی ئێمە دەکرد، ئیبراهیم زاهیر هونەرمەندێکی گەورە بوو ئەدیبێکی گەورەش بوو، وێنەکێش بوو ژیانێکی زۆر دەوڵەمەندی هەبوو موزەفەر نەواب بۆ نموونە زۆر کاریگەریی لە ئێمە دەکرد، لەو شاعیرە مارکسیانە بوو کە ئەو وەخت لە ناو ڕێچکەی سیاسی من بوون هەردووکیان، لە ناو قیادەی مەرکەزی، ئەوانە زۆر کاریگەرییان لە من دەکرد، بەڵام کێشە ئەوەبوو من ونبووبووم لەنێوان ئەو حزبایەتییەی خۆمو لە نێوان تاقیکردنەوە شیعرییەکەم، لە تاقیکردنەوە شیعرییەکەم داوای ئازادیم دەکرد بۆ نووسەر بۆ شاعیر، بەڵام لە ژیانە حزبییەکەم داوای داخرانم دەکرد، ئەو جیاوازییە زۆر زەحمەت بوو.

***تۆ هەست ناکەیت ئەو جیاوازییە داهێنان دروست دەکات، سارتەر باس لەوە دەکات دەڵێت من لە شانۆییەکاندا بانگەشەی ئازادیم دەکرد، بەڵام خۆم یەکێك بووم لەوانەی لە ژیانی حزبایەتیمدا مارکسی..**

-ئاخر لە کەشوهەوای ئەوروپا ڕەنگە ئەوا ڕاست بووبێت.

***ئەی تۆ ناڵێی داهێنان دروست دەکات؟**

-هەتا ڕادەیەك ڕاستە ئەوە، بەڵام نەك لەو ئاستەی کە من باسی دەکەم من هەندێك تاقیکردنەوەم هەیە لەو مەیدانە بەدیقەتیشکردوومن.

***پاش ئەو گۆڕانکارییە وەك خۆت باسی ئەکەی لە گۆڕانکاری بیرکردنەوەو ئایدیۆلۆژیاو حزبایەتیو ئەوانە، ئیتر قۆناغی دوای سەفەرکردن بۆ ئەوروپا گۆڕایت وەکو بیرکردنەوە بۆ حزبایەتی، ئەو گۆڕانکارییە جارێکی تر نەیکردیتەوە بە ماڵی شیعردا؟**

-نەوەڵڵا نەیکردمەوە بەماڵی شیعردا، (بە پێکەنینەوە) ئەو گۆڕانکارییە زۆر گۆڕانکاری گەورەبوو، هەر لەسەر ئاستی یەك شەخسو میللەتێكو ئەوە نەبوو، یانی هەموو دنیای گرتەوە، ئەو گۆڕانکارییە ساڵی ٨٨، ٨٩، ٩٠ دەستیپێکرد لەسەر ئاستی دنیا کاتێك ئەو سیستمی دوو جەمسەرییە لە دنیا ڕووخا، ڕووخانی سیستمی دوو جەمسەری لە دونیا لەبەینی سۆڤیەتو ئەمریکا هەر تەنیا ڕووخانی سیستمێکی سیاسی نێودەوڵەتی نەبوو، بەڵکو ڕووخانی سیستمێك بوو لە ناو بیرکردنەوەی مرۆڤیش، لە ناو هەموومان گۆڕانێك ڕوویدا، شت ئەگۆڕا لەدنیا، لە ژیانی ئێمە لە ڕووئیای ئێمە لە مەعریفەی ئێمە لە تێگەیشتنی ئێمە گۆڕا، واقعێکی زۆر گەورەو بنەڕەتی گۆڕا، بۆیە هەر هەموو خەڵك تووشی گۆڕان هات، بەهەزاران حزب لە دونیا گۆڕانیان بەسەردا هات، بەدەیان دەوڵەت گۆڕانیان بەسەردا هات، بەسەدان کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردا هات، بەملیۆنەها کەسیش لە دنیادا گۆڕانیان بەسەردا هات، منیش یەکێك بووم لەو هەزارانە، هەمووبمان لە ناو ئەو گۆڕانکارییەدا بووین، بەڵام من چونکە خەریکی شیعرنووسین بووم هی من چاکتر دیار بوو، یا ڕۆشنبیربووم یان لە ناو سیاسەتدا بووم، هی من چاکتر دیاربوو لە یەکێکی ئاسایی کە خەریکی چالاکی بووە، بۆیە بۆ من بەزەقی ڕەنگی دابووەوە بەتایبەتی ئەو وەخت من لە ئەوروپا بووم، بوونیش لە ئەوروپا جۆرێك لە کردنەوەی دەرگا بوو بەسەر گۆڕانکاری چاکتر بزانم ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە چ بووە لە دنیا تێبیگەم زووتر کاریگەری هەبێ بۆ من، بۆیە ڕاست دەکەیت گۆڕام، بەڵام گۆڕانەکە وەختێك هات درەنگ کەوتبوو بۆ شیعر.

***پرسیارێك.. کە ئەتوانی بەیەك دێڕ وەڵام بدەیتەوە.. چەند ساڵە شیعرت نەنووسیوە؟**

-من لە ساڵی ١٩٧٦ەوە.

***نەك بۆ بڵاوکردنەوە.. هەر بۆ خۆشت نەونووسیوە؟**

-نەخێر.. بۆ خۆشم نەمنووسیوە.